


# یەشار کەمال:
## ژیانی مرۆڤێك لە مانەوەی نیشتمان گرنگترە

**کریس کۆچیرا**
**لە عەرەبییەوە: محێدین مەحمود**



پاش تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر کۆچی دوایی (ماتیلدا)ی هاوسەریدا، کە چل ساڵ ژیانی هاوسەرێتییان پێکەوە بردووەتە سەر، ئەوەتانێ (یەشار کەمال) پیاوێکی بریندارەو لە هەموو لایەکەوە خەم و ماتەمینی دەوری تەنیوە، بەهەر بارێکدا بێت ئەو ژنانە کەمن کە دەتوانن لە ژیانی هاوسەرە نووسەرەکانیاندا

# بڕوام وابوو هیچ مرۆڤێك لە دەستی نایەت ئازارو ئەشكەنجەی مرۆڤێكی دی بدات

ئەو ڕۆڵە ببینن کە (ماتیلدا) لە ژیانی یەشار کەمالدا بینیوێتی. باپیری (ماتیلدا) پزیشکێکی جولەکە بوو، لە خزمەتی (سوڵتان عەبدولحەمید) دا ئیشی ئەکرد، (ماتیلدا) بە زمانی ئینگلیزیو فەرەنساییەکی بێگرێ و پاراو قسەی ئەکرد، چاو و گوێ کراوەکەی هاوسەرەکەی بوو بە ڕووی جیهاندا، لە هەموو شتێکی تازەی ناو ئەدەبی جیهانیدا ئاگاداری دەکردەوەو کتێبەکانی بۆ وەردەگێڕاو لە کەسانی خۆتێهەڵقورتێنی دەپاراست، هەرچەندە یەشار کەمال هەشتا ساڵەیەو خەمبارە، بەڵام وا دیارە تەواو بەئاگایەو لەو (هۆڵە نووسینگەیە) فراوانە کە (ماتیلدا) تیایدا هاوبەشی بوو، لە نووسین بەردەوام دەبێتو ئەوەتانێ ئێستا هەوڵ دەدات بەشی دووەمی دواسیانەی تەواو بکات کە (هەقایەتی دوورگەیەک)ەو هێشتا هەروەک خۆیەتی هەمیشە هەقایەتخوانێکە کە سەرچاوەی هەقایەتەکانی لە بن نایەن (ڕاوچییەکی پیر لەو خێڵانەی لە کەناری دەریای ڕەشدا دەژین، ڕۆژێکیان وا هەست دەکات کە وادەی مردنی نزیک بووەتەوە -هەروەک کەمال بۆمان دەگێڕێتەوە- بەهۆی ئەمەوە کوڕەکانی لە دەوری جێگەی سەرەمەرگی خۆیدا کۆدەکاتەوە تاکو دوا ئارەزووی خۆی پێیان ڕابگەیەنێت. هەموو ژیانم لەسەر ئاودا بردووەتەسەرو دەمەوێ هەر لە دەریادا بنێژرێم، کوڕەکانی وەڵامی دەدەنەوە: باشە باوکە گیان. پاش چوار مانگ دۆستێکی خێزانەکە لە کوڕێکیان دەپرسێت: ئایا ڕاسپاردەکەی باوکیان بە ڕاستی جێبەجێکردووە؟. کوڕەکە وەڵام دەداتەوە: بەڵێ، بەڵام بەهۆیەوە زەرەرێکی زۆرمان کرد، چونکە ویستمان باوکمان لە قوڵایی دەریادا بنێژین)، پێدەچێت ئەمڕۆ یەشار کەمال لەوە دڵنیابێ کە تورکیا لە کۆتاییدا سیستەمێکی دیموکراسی بە خۆیەوە دەبینێ، بەڵام پاش ئەوەی زەرەرو زیانێکی زۆری لێدەکەوێت.

(یەشار کەمال) کە هەمیشە بایەخ بە ڕووداوە هەنوکەییەکان دەدات، کاتێک چاوم پێی کەوت سەرقاڵی ئەو مانگرتنە لە خواردنو خۆراک بوو کە زیاتر لە دوو سەد زیندانی ئەنجامیان دابوو، لە هەمانکاتیشدا لە شۆڕبوونەوە بۆ ناو ڕابردووی خۆیدا بەردەوامە، بیر لەو بیرەوەرییانە دەکاتەوە کە لە دواییدا بە ناونیشانی (نامەکانم/ نامەگەلێک بۆ ماتلیدا) تۆماریان دەکاتو لێرەدا هەموو شتێک بە هەر جۆرێک ڕێککەوێت دەگێڕێتەوە.

(یەشار کەمال) لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە هەر لە تێکۆشاندا بووە، لەو ڕۆژەوە کە بەهۆی ئەو دیدارەی لەگەڵ برایانی (عابدو عارف دینۆ) تیایدا چاوی بە ڕووی ئەم جیهانەدا هەڵهێناو بەرەو ئەو ڕەوتە هانیان دا کە لە پاشان بە ئەندامێتیی لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی تورکیای دەگەیەنێت.

(یەشار کەمال) پێش ئەوەی ببێت بە ڕۆژنامەوان، لە هەموو پیشەیەک کە لە توانایدا بوو ئیشی کردبوو، لە بیستو دوو ساڵیدا لە کۆمپانیایەکی (گاز) فەرمانبەر بوو، لەو سەردەمەدا ئاشنای کۆمەڵێک کرێکار بوو کە بیرۆکەکانی (جەمال سپارتاکۆس) کاری تێکردبوون، بەمەش شایەتی ئەو هەڵانەیان بوو کە (لە ڕێکخستنی یەکەم مانگرتنی کرێکارانی هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەرەکان کرابوون)، لە هەمان ساڵدا یەشار خەونی بەوەوە دەبینی کە



بەپێی ئەو لیستەی دانراوە دەسەڵاتدارانی تورکیا سەدو چواردە نووسەریان زیندانی کردو خودی (یەشار کەمال)یش سێو چوار جار زیندانی کرا، بەڵام هەرجارە بۆ ماوەیەک بوو، کە لە سێ چوار مانگ تێنەدەپەڕی، خۆی دەیگێڕێتەوە (جارێکیان ئازارو ئەشکەنجە درام، ئەمە لە ساڵی ١٩٥٠دا بوو حەوت دانە ساڵی ڕەبەق لەمە بێدەنگ بوومو باسم نەکرد

# راپۆرت

ببێتە شۆفێری تراکتۆر، واتە ئەمە لە ساڵی ١٩٤٧دا بوو، بەڵام ئەم خەونەی بە (سکاڵاو داخوازینووس/ ئەرزحاڵنووس) شکایەوە، لە چەند پیشەیەکی تردا ئیشی کردو لە هەموو شوێنێکدا کاربەدەستان هەرچی لە توانایان بووە بۆ دەرکردنی بەکاریان دەهێناو لەو قۆناغەدا وتارێکی نووسی دەنگی دایەوە، لە گۆڤاری (فەرەنسای نوێ) (NRF) بڵاوکردەوە، ئەم وتارە باسی شوانی گوندەکانی (ئەنادۆڵ)ی کردووە، کە بەدەست هێرشی ئەو گەلەگورگانەوە گوندەکانیان هەراسان بووبوون، چونکە لە پەلاماردانەکانیان بە مەڕێکو دوانو سیانەوە نەدەوەستان، بەڵکو چەندین قەسابخانەیان ئەنجامدابوو، شوانەکان ناچاربووبوون رووبەڕوویان ببنەوەو بە شێوەیەک تەڵەو داویان بۆ نابوونانەوە، گورگەکانیان دەستگیردەکرد، زریزەو زەنگوڵیان بە ملیانەوە دەکردو لە پاشان بەرەڵا دەکران، بەم شێوەیە گورگەکان بە ناچارییەوە رووبەڕووی بڕیاری مردن دەبوونەوە، چونکە ئیتر نەیاندەتوانی لە بەرخو مەڕەکان نزیک ببنەوەو هەروا روو لە ناوچوونیان کرد، چونکە زاوزێیان بۆ نەدەکرا... نووسەرانی تورکیش بەهەمان شێوە رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت. (یەشار کەمال) لە ئەنجامدا دەڵێت: بەپێی ئەو لیستەی دانراوە دەسەڵاتدارانی تورکیا سەدو چواردە نووسەریان زیندانی کردو خودی (یەشار کەمال)یش سیو چوار جار زیندانی کرا، بەڵام هەرجارە بۆ ماوەیەک بوو، کە لە سێ چوار مانگ تێنەدەپەڕی، خۆی دەیگێڕێتەوە (جارێکیان ئازارو ئەشکەنجە درام، ئەمە لە ساڵی ١٩٥٠دا بوو حەوت دانە ساڵی رەبەق لەمە بێدەنگ بووموو باسم نەکرد، چونکە شەرمم دەکردو بڕوام وابوو کە هیچ مرۆڤێک لەدەستی نایەت ئازارو ئەشکەنجەی مرۆڤێکی دی بدات، بەڵام رۆژێکیان سەرکردەیەک باسی ئازارو ئەشکەنجەدانی کرد، منیش کە نۆرەم هات باسم کرد، لە زینداندا داوایان لێکردم کاغەزێک ئیمزا بکەم، کە بەناوی منەوە لیستی ناوی چل کەس لە دامەزرێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا تیادا تۆمارکرابوو. بۆ ماوەی چل و هەشت کاتژمێر پاش ئەوەی پێم بە پشتی کورسییەک توندکرابوو، یاساوڵەکان لە بنی پێمیان دەدا، ئازارەکە لەوەدا نەبوو، بەناو جەستەمدا دەگەڕاو تا دڵم سەری دەکردو ئەوان هەر لێیان دەدام... تا ئاستێک بەبێ وەستان بوو، شەوانیش دەیانکرد بە نۆرەو... کاتێ یەکێکیان ماندوو دەبوو یەکێکی تریان دەهات، لە لێدان بەردەوام دەبوون، بەڵام ددانم بە خۆمدا دەگرتو لە پاشان بۆ دادگا پەلکێشیان کردم. دایکم لەوێ بوو، ئارەزووم نەدەکرد لەوەی دەیچێژمو بە دەستییەوە دەناڵێنم ئاگادار بێت. بەڵام بێگومان دادوەرەکە پێشتر چاوی پێکەوت بوو، چونکە دادوەرەکە پێی وتم: دانیشە کوڕم. سێ مانگ پاش ئەوە ئازاد کرام).

لە نێوان ساڵانی ١٩٥١ — ١٩٦٢دا یەشار کەمال لە رۆژنامەی (جمهوریەت) وەک رۆژنامەوان کاری دەکرد، بەڵام بەرلەوەی لە رۆژنامەکە کار بکات دەستی بە نووسینی کۆمەڵێک هەقایەت کردو تا ئاستێک نیوەی رۆمانی (حەمەدۆک)ی تەواوکرد، بەڵام ئیشکردنی لە رۆژنامەی (جمهوریەت) سەرەتای ئەوە بوو، کە بە پێنووسی خۆی خۆی بژێنێت (وەک خاوەن مووچەیەک) خۆی دەڵێت:

# من کوردمو له بەشێکی زۆری کتێبەکانم پاڵەوانەکان خاوەنی ناو و نازناوی کوردین

«دەربارەی ژیان لە (ئەنادۆڵ) ڕێپۆرتاژم دەنووسیو لە هەمانکاتدا سێ کتێبم نووسی. بەم شێوەیە مامەوە تا حکومەت لە ڕۆژنامەکە دەری کردم» ئیتر ئەو لە ساڵی ١٩٦٢ەوە بە داهاتی بەرهەمی خۆی وەک نووسەر دەژی. ئەمڕۆ (یەشار کەمال) بەناوبانگترین نووسەری تورکیایە، کتێبەکانی بۆ چەندین زمان کە لە ژمارە نایەن وەرگێڕدراونو چەندین جار ناوی دەخرێتە لیستی ئەو نووسەرانەی کە بۆ خەڵاتی (نۆبڵ) پاڵێوراون، بەڵام بە جۆرێک لە تفتوتاڵییەوە (یەشار کەمال) باسی دەکات، کە بە ڕاستی ئیتر ئەمە بەهەند وەرناگرێت، لەگەڵ ئەمەشدا، لە مانگی تشرینی دووەمی پاردا وەزیری دادی تورکیا داوای لە ئەو و هەروا دوو نووسەرە هاوڕێکەی (ئۆرهان پاموکو زۆلتی لیوانلی) کرد بچن سەردانی زیندان بکەنو گفتوگۆیەک لەگەڵ زیندانییە مانگرتووەکان بکەنو بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە هەوڵێک بدەن، ئەم ئەرکە هەمان ئەو ئەرکەیە کە هەر ئەو سیانە لە ساڵی ١٩٩٦دا بەسەرکەوتوویی ئەنجامیان دابوو. (یەشار کەمال) بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی مانگرتووەکان چوو، ئەوان هەمان ئەو مانگرتووانە بوون کە لە ساڵی ١٩٩٦ گفتوگۆی لەگەڵ کردبوون. ئەمجارەیان هەوڵەکە بێسوودبوو، «زیندانییەکان پێیان وتین: ئەگەر بەڵێنی شتێکیشمان پێبدەن ناتوانین بڕوا بە دەسەڵاتداران بکەین».

دەبێ یەشار کەمال بێباکیی ڕای گشتیی لە ئاستی ئەو کارەساتەدا کە دەیان کوژراوی دورییەوە —وەک دیاردەیەک— چۆن لێکبداتەوە؟.

نووسەر ڕوونی دەکاتەوە: (لە سەرەتادا ڕۆژنامەکان کەوتنە باسکردنی کێشەکە، بەڵام حکومەت فەرمانی دا باسکردنی ئەم بابەتە بەهەر شێوەیەک بێت (لە یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەکان)دا قەدەغەیە. پاش ئەوە ڕۆژنامەکان تەنیا بەچەند دێڕێک ئاماژەیان بۆ کردو بێدەنگ بوون، کاتێک ڕۆژنامەکان زۆر کەم باسی کێشەکە بکەنو زانیارییەکان بە دڵۆپێنەر بدڵۆپێنن یان هەر واز لە بڵاوکردنەوەیان بهێنن. دیارە ئیتر ڕای گشتی ئاگای لە هیچ زانیارییەک نامێنێت، ئیتر کام تەلەفزیۆنە ئامادەیە باسی بابەتەکە بکات؟ ئەی ڕۆشنبیران لە کوێن؟ (یەشار کەمال) بەهەمان ئاڕاستە باسی پەندێکی تورکی دەکات کە دەڵێت: (ئەوان زەویی مردووان بەسەر کەسێکدا دابەش دەکەن). ئەمەش مانای ئەوەیە کە کێشەکەیان وەلاناوەو لەسەر ڕەفەیان داناوە یان بێدەنگیی لێدەکرێ. «وام لێهاتووە ناتوانم درک بەو هۆکارە بکەم کە وای لە ڕۆژنامەوانیو ڕای گشتی کردووە بێزیان نەیەت بە دوای ئەم کێشەیە بچن. لە ساڵی ١٩٩٦دا دەیان ڕۆژنامەوان لە هەموو شوێنێکی ئەوروپاوە هاتن تــا لێم بپرسنو وەڵامیان بدەمەوە. کەچی ئەمجارەیان تەنانەت ئەوانەش کە بەتایبەتی دەیانناسم پەیوەندییان بە منەوە نەکرد».

ئایا ئەمە هەر بۆ کێشەیەک دەگەڕێتەوە کە لەناو بەرەی خودی چەپەکاندا پەرە دەسێنێت یان بۆ خراپیی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو ڕێکخراوانەی کە سەرکردایەتیی حزبەکان دەکەنو نێوان ڕێکخراوگەلێکی چەپی توندڕەو و حزبە چەپەکان دەگەڕێتەوە یان بۆ ئەو مەودا بەرینە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان چەپی تورکیاو ڕای گشتی دا هەیە؟ ساڵی ١٩٩٦ (یەشار کەمال) دەڵێ: (هەموو



ئەمڕۆ (یەشار کەمال) بەناوبانگترین نووسەری تورکیایە، کتێبەکانی بۆ چەندین زمان کە لە ژمارە نایەن وەرگێڕدراونو چەندین جار ناوی دەخرێتە لیستی ئەو نووسەرانەی کە بۆ خەڵاتی (نۆبڵ) پاڵێوراون، بەڵام بە جۆرێک لە تفتوتاڵییەوە (یەشار کەمال) باسی دەکات، کە بە ڕاستی ئیتر ئەمە بەهەند وەرناگرێت

## راپۆرت

تورکیا، نەک تەنیا چەپەکان، دەیانویست کێشەکە بە ناوبژیوانییەکو چارەسەرێکی مرۆڤدۆستانە بگات... ئەمجارەشو تا ئەو ساتەی چووینە ناو کێشەکە هەموو رای گشتی لە دژی گواستنەوەی زیندانییەکان بۆ زیندانی تاکەکەسی بوون، بەڵام پاش ئەوەی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکە شکستمان هێنا... ئەو تینو گەرمییە نەماو بابەتەکە (ساردبووەوە). ئەوەی (یەشار کەمال) نایڵێت ئەوەیە کە شکستهێنانی هەوڵی ناوبژیوانییەکەی ئەو و دوو هاورێ نووسەرەکەی بەشێکی لە ئاکامی هەڵوێستی رەقی «دۆرسۆن کارتاش»ی سەرکردەی رێکخراوە چەپە توندڕەوەکە بوو، کە زۆرینەی مانگرتووەکان سەر بەو رێکخراوە بوون. ئەو لەتاراوگەدا، لە هەندەراندا بوو. (یەشار کەمال) لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێت کە لە ساڵی ١٩٩٦دا پاش سەرکەوتنی یەکەم ناوبژیوانییەکەی لەلایەن چەپو راستیزمەکانەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ کراو ئەمە وای کرد ماوەیەک لە (سوید) بمێنێتەوە.

ئەی لەبارەی فراوانبوونی خەرەندەکەی نێوان رای گشتیو چەپەکاندا چی هەیە: (لەگەڵ فراوان بوونی ئەو مەودایەی نێوانیشیان) یەشار کەمال پێدادەگرێو دەستبەجێدرێژە بەقسەکانی دەدات «هەرگیز بۆ پشتیوانیکردنی هیچ تیرۆرستێک هەڵوێست وەرناگرم. بەڵام هەمووان لە سەرانسەری تورکیادا دەزانن کە من لە دژی خەڵک کوشتنم، هەموو خەڵکی ئاگاداری هەڵوێستی منن لەم بارەدا. هیچ کەسێک یان هیچ دەوڵەتێک نابێ بەکوشتنی ئەم قوربانییانە رازی بێت. بەڵام من تا ئاستێک سەرپەڕم، دەمەوێ ئەو بارەگرانەی کە لەسەر شانی وڵاتدایە سووک بێت، بەڵام نامەوێ کەس بمرێتو ژیانی مرۆڤێک لەلام بەهادارترە لەمانەوەی نیشتیمانێک. ساڵی ١٩٩٦ کارێکی وا کرا رۆژنامەوانیو رای گشتی هەست بەوە بکەن کە چی روو دەدات. نەک لەبەرئەوەی چەپڕەو بوون، بەڵکو لەبەرئەوەی قوربانییەکان بوونەوەرگەلێک بوون، کە بە رەگەز مرۆڤن.

کاتێ بینیم (یەشار کەمال) بۆ دەربازبوون لەو کارەساتە کە دیسان قوربانییەکی زیاتری لێکەوتەوە هیچ رێگەیەکی شک نەئەبرد. (یەشار کەمال) لەو رۆژەدا لەبەردەم میوانەکانی کە یەکێکیان ئەندامی ئەنجوومەنی ئەورووپایی بوو، هەر ئەوەندەی وت: «ئێمەش رووبەڕووی پەستان دەبین، ئێمەش چەوسێنراوین، بچن قسە لەگەڵ حکومەتدا بکەن» میوانە ئەورووپاییەکە پێی وت: (بەبێ ئێمە هەرگیز دیموکراسیتان دەست ناکەوێت). نووسەرە پیرەمێردەکە لە وەڵامدا وتی: (نەخێر... بەڵام کوژراوەکان زۆر دەبن) پاش ئەوە هەقایەتی پیرەمێردە راوچییەکەی بۆ گێڕایەوەو یەشار کەمال دەپپرسی: دەبێ هۆکاری بێدەنگیم چی بێت؟ لەپاشان وەک وێڵێک وەڵامی دایەوە: (چونکە شوێنم نییە تیایدا بنووسمو ئەگەر ئەنووسم هەموو کاریگەرییەکم لە دەست دەدەم). کاتێ ئەمەی دەیوت ئاماژەی بۆ یەکەم لاپەڕەی رۆژنامەی (حورییەت) کرد، کە گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ئەنجام دابوو لە ژێر ناونیشانی (چوار مانگە لەوەتی (ماتیلدا) کۆچی دوایی کردووە، (یەشار کەمال) تاکە دێڕێکی نەنووسیوە). ئەی بۆچی هەلەکەی نەقۆستەوە تاکو راوبۆچوونی خۆی بڵێت دەربارەی کوشتنی ئەوانەی

# دوورخستنەوەی مرۆڤو دابڕینی لەو زەوییە تیایدا لەدایکبووە، کردەوەیەکە لە دەرهێنانی دڵی مرۆڤێك دەچێت لە سنگیدا

له خوراک مانیان گرتبوو؟ «سەبارەت بەم بابەتە هیچم نەوت، چونکە قسەکردنم سوودی نابێت!». بەهەر بارێکدا بێت (یەشار کەمال) وەک ژمارەیەک لە نەیارە تورکەکان بێدەنگ بوو، چونکە هەڕەشەی لێکرابوو کە رەوانەی زیندان بکرێت. پاش ئەوەی لە گۆڤاری (دیرشبیگل)دا وتارێک دەربارەی (کێشەی کورد) بڵاوکردەوە. بڕیاری بیست مانگ زیندانیکردن لەگەڵ راگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی بۆ دەرکراو ئەگەر لەماوەی پێنج ساڵی پاش ئەم بڕیارە کردەوەکەی دووبارە کردەوە بۆ جێبەجێکردنی (ماوە دیاریکراوەکەی سزاکە) رەوانەی زیندان دەکرێت. راستە (یەشار کەمال) حاشا لە پێناسە کوردییەکەی ناکات (لەو ساتەی لە ساڵی ١٩٥١دا گەیشتمە (ئەستەنبوڵ) چ بەخاوەنی (جمهوریەت)و چ بە کەسانی دی هەمیشە ئەوەم وتووە: من بە رەچەڵەک کوردمو پاش ئەوە بەهۆی کۆمۆنیست بوونم دادگایی کرامو بڕیاری سزادانم بۆ دەرکرا، لە هەموو ئەو گفتۆگۆیانەی لەگەڵمدا ئەنجام دەراون هەمان قسەم کردووە. یەکێک بووم لەو نووسەرە پێشەنگانە کە پێناسەی کوردبوونی خۆیان راگەیاند بوو، لە ساڵی ١٩٩٧دا لە ئەڵمانیا سەبارەت بەم باسە لە وەڵامی پرسیارێکدا وتم: (من نووسەرێکم بە زمانی تورکی دەنووسم، هەرگیز بە زمانی کوردی نەمنووسیوە. بەڵام من کوردمو لە بەشێکی زۆری کتێبەکانم پاڵەوانەکان خاوەنی ناو و نازناوی کوردین وەک (حەمەی کورد). من هەرگیز حاشام لە ناسنامە کوردییەکەم نەکردووە، بەشێک لە بنەماڵەکەم قەفقاسینو ئەم قەفقاسیانە تورکمانن، بەرلەوەی پەنا بۆ تورکیا بەرن جەنگیان لە دژی (قەیسەر) کردبوو، سەرەتا لە (بۆرسە)دا ژیابوونو پاش ئەوە لە (ڤان)و لێرەدا یەکێکیان کچی بەگێکی کورد دەهێنێت، وەک ئەمە بەس نەبووبێت، دەڵێم لە بنەماڵەکەماندا تیرەی خێڵێکی ئاشووریش هەیە، هەموو (ئەنادۆڵ) وەهایە، ئەوەی جیاوازم دەکات ئەوەیە ئەگەر زۆر کەس لە (ئەنادۆڵ)دا قسە بەکوردی ناکەن من قسەی پێدەکەمو بەبێ ئەوەی بزانم چۆن دەخوێنرێتو دەنووسرێت. کاتێک (محەمەد ئوزۆن) کتێبەکەی بۆ من خوێندەوە، کە بە کوردی نووسرا بوو، لە هەموو شتێکی ناو کتێبەکەی تێگەیشتم.

(یەشار کەمال) لە گەڕانەوەیەکیدا بۆ ئەدەب باسی ئیشی ئێستای خۆی دەکات، ئیش لە سیانەیەک دەکات کە دەربارەی گۆڕینەوەی دانیشتوانو پارچە پارچەکردنی جەستەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانییە، لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم، کاتێک نیو ملیۆن کەسی یۆنانی ناچارکران تورکیا بەجێ بهێڵن تاکو نیو ملیۆن موسڵمانی (بەڵکان) لە شوێنەکەیان نیشتەجێ بکرێن، کە لە (بەڵکان)ەوە هێنرابوون (ئەوەی لێرەدا ئابڕووبەرەیە ئەوەیە کە ئەم تاراوگە سەربازییە کە بە گرنگترین تاراوگە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دادەنرێت، بە پیرۆزکردنی هەموو ئەوروپا ئەنجام درا). یەشار کەمال ئەمە بە قێزەونییەکەوە باس دەکات: هەرگیز لەم خەڵکەیان نەپرسی ئایا دەیانەوێت کۆچ بکەنو خاکو زەوییان بەجێ بهێڵن؟ دوورخستنەوەی مرۆڤو دابڕینی لەو زەوییە کە تیایدا لەدایکبووە کردەوەیەکە لە دەرهێنانی دڵی مرۆڤێک دەچێت لە سنگیدا. بەهەر بارێکدا بێت دوو وتە دەتوانن پوختەی



هەمووان لە سەرانسەری تورکیادا دەزانن کە من لە دژی خەڵک کوشتنم، هەموو خەڵکی ئاگاداری هەڵوێستی منن لەم بارەدا. هیچ کەسێک یان هیچ دەوڵەتێک نابێ بەکوشتنی ئەم قوربانییانە رازی بێت. بەڵام من تا ئاستێک سەرپەرم، دەمەوێ ئەو بارەگرانەی کە لەسەر شانی وڵاتدایە سووک بێت

# راپۆرت

سیانە تازەکەی (یەشار کەمال) بن، (جینۆسایدی ژینگە)و (جینۆسایدی خەڵکی)و ئەمە لە یەکەم بەشی (هەقایەتی دوورگەیەک)دا دەبینین، کە باس لە کۆچپێکردنی سریانەکان لەو دوورگەیەی تیایدا دەژیانو لە ناوەڕاستی رووباری (فورات)دا بوو، لە دووەمیاندا کە ئێستا خەریکە تەواوی دەکاتو تەنیا سێ بەشە دوایینەکەی ماون، (یەشار کەمال) تیایدا باس لە گەیشتنی دانیشتوانە تازەکان بۆ هەمان دوورگە دەکات کە موسڵمانن ، لە سێهەم بەشیشیاندا باس لە بەبیابانبوونی (دوورگەی مێرووله) دەکات.

(یەشار کەمال) دەڵێت: پاش تەواوکردنی ئەم بەشە کە سێهەمیانەو دەستبەجێ هەر لەو کاتەدا دەست بە نووسینی یادداشتەکانی خۆی دەکات کە لە پاشان ناونیشانی (نامەکانم بۆ ماتیلدا)ی بۆ دادەنێت. بە دەستوخەتی خۆیو بە قەڵەمی رەساس دەیاننووسێت... واتە وەک جاران کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو، کاتێک بە دەستی خۆی چیرۆکەکانی دەنووسی.



***لە گۆڤاری (الوسط)ی عەرەبی ژمارە (١٥١٥)ی رۆژی ٢٠٠١/١٢/١٠ەوە کراوە بە کوردی.**